حكومەتی هەرێمی كوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەكان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية العقود

ژمارە: ٢٦٦٦٠/
ڕێكەوت: / / ٢٧ كوردی

(ISO 9001:2015)

العدد:
التأريخ: ٢١/ ٧ / ٢٠٢٤

# جاڕدانی زیادكردنی ئاشكرا

پاڵپشت بە یاسای فرۆشتن و بەكرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١ ساڵی ٢٠٢١) و ئاماژە بە هەردوو فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٣٤٠٤١ لە ٢٠٢٣/١١/٢٩) و ژمارە (٩٨٧٤ لە ٢٠٢٤/٤/٤) و پەسەندكردنی كۆنووسی لێژنەی خەملاندن، وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان (بۆ جاری یەكەم)، ئاگاداری گشت هاووڵاتیان و بەڵێندەران دەكات كە بەشێوەی زیادكردنی ئاشكرا هەڵدەستێت بە بەكرێدانی (جێگای دانانی ئامێری قاوە گرتنەوە و ئامێری ساردەمەنی و ئاو و كێك (سناك) لەو بەڕێوەبەرایەتیانەی كە ناویان و ژمارەی ئامێرەكان دیاری كراوە، هەركەسێك ئارەزووی بەشداری كردنی هەیە لە دوای بڵاوكردنەوەی ئەم ئاگاداریە سەردانی وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەكان بكات بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر .

١. بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر (١٢) دوازدە ئامێر بە هەردوو ئامێری (قاوە و سناك) .
٢. بەڕێوەبەرایەتی مۆڵەتی شوفێری هەولێر (٨) هەشت ئامێر بە هەردوو ئامێری (قاوە و سناك).
٣. بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی هەولێر / یەك (٤) چوار ئامێر بە هەردوو ئامێری (قاوە و سناك) .
٤. بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی هەولێر / دوو (٤) چوار ئامێر بە هەردوو ئامێری (قاوە و سناك) .
٥. بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر (٤) چوار ئامێر بە هەردوو ئامێری (قاوە و سناك).
٦. تاقیگەی ٣٢ ی پارك (٢) دوو ئامێر بە هەردوو ئامێری (قاوە و سناك).
٧. تاقیگەی گومرگی سەوزە (٢) دوو ئامێر بە هەردوو ئامێری (قاوە و سناك) .
٨. تاقیگەی كەسنەزان (٢) دوو ئامێر بە هەردوو ئامێری (قاوە و سناك).
٩. بەڕێوەبەرایەتی كارتی نشتیمانی هەولێر (٢) دوو ئامێر بە هەردوو ئامێری (قاوە و سناك).

مەرجەكانی بەشداری كردن:-

١. پێویستە ئەو لایەنەی كە بەشداری دەكات ئەستۆپاكی باجی دەرامەتی پێبێت و قەرزار نەبێت.
٢. ئەو لایەنەی ئارەزووی بەشداریكردنی زیادكردنەكە دەكات، پێویستە بارمتە پێشكەش بكات بە بڕی(٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن دیناری عێراقی لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری دیوانی وەزارەت، پێش ئەنجامدانی زیادكردنی ئاشكرا .
٣. كرێی خزمەت بە ڕێژەی ٢٪ وەردەگیرێت لەو كەسەی زیادكردنەكەی بۆ دەردەچێت.
٤. بە بێ پێدانی بارمتەی یاسایی كەس مافی بەشداربوونی نیە .

تێبینی :

- پێویستە بەلێندەر پێداویستی بۆ زبڵ و خاشاکی ئامێرەکان دابین بکات و هەمان کۆمپانیا خاوێنی بکاتەوە.
- زیادکردنەکە لە ڕۆژی ( دووشەمە ) بەرواری( ٢ /٩ /٢٠٢٤) کاتژمێر (١٠) پێش نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێت.
- زیادکردنەکە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر ئەنجام دەدرێت.
- بەلێندەر یان کۆمپانیا کە ئەم زیاد کردنەی بۆی دەردەچێت دەبێت لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ، ئامێرەکان دابین بکات و جێگیریان بکات بەرامبەر هەر دواکەوتنێك بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .
- لەکاتی زیادکردنی ئامێرەکان یان فەرمانگەکان پێویستە بە هەمان نرخ بێت .
- ئەگەر بەرواری دیاری کراوی پشووی فەرمی بوو، ئەوا زیادکردنەکە لە یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمییەوە دوای پشووەکە ئەنجام دەدریت .
- کرێی بڵاوکردنەوە و ئاگاداری هەموو ڕسوماتێکی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت .

لەگەڵ ڕێزدا...

ڕێبەر ئەحمەد

وەزیـری ناوخـۆ

وێنەیەك بۆ :

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / ئاگاداریتان / لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی / بۆ ئاگاداریتان / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە / بۆ ئاگاداریتان / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ هەرێم/ بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ئەنجامبدەن بە هەڵواسینی ئاگاداری لە بەڕێوەبەرایەتیەکەتان/ لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا .
- ڕۆژنامەی خەبات / بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری سەرەوە لە ڕۆژنامەکەتان / لەگەڵ ڕێزدا .
- ڕۆژنامەی هەولێر/ بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری سەرەوە لە ڕۆژنامەکەتان/ لەگەڵ ڕێزدا .
- خولاو .



ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق العنوان: إقليم كوردستان-العراق Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd ژ.تەلەفون:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢ www.moi.gov.krd
(ئاری) 17/07/2024